# تاقیکردنەوەی بەکالۆرییە یان بەرەی جەنگ

سیستەمی فێرکاریی دیموکراتی ناناوەندی، هانی خوێندکار دەدات هەموو توانای خۆی، بۆ گەشەکردن ڕووەو مرۆڤێکی سەربەست، دیموکرات، خاوەن ویژدان و بەرپرس، بەکاربهێنێت. ساڵانی خوێندن دەبێتە گەشتێکی 12 ساڵەی پڕ ئەزموون و خۆشی. ڕێزگرتن لە سەربەستیی تاکەکەس دەبێتە هێڵێکی سوورو هیچ دەسەڵاتێکی ناوەندی بۆی نییە بیبەزێنێت.

سیستەمی ئەزموونی تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە کوردستان، بە پێچەوانەی سیستەمی دیموکراتیی خوێندن، سیستەمێکی تۆقێنەر و پڕ مەترسی. لە ئەزموونی بەکالۆری پۆلی شەشی ئامادەییدا، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەموو ژیان و دوارۆژی خوێندکار دیاری دەکرێت . هەموو ساڵێک ئەزموونەکە دەبێتە ئەزموونی یەکلاکەرەوەی ژیانی هەزاران جەوانی کوردستان. نائارامی ژیانی هەزاران خێزانی کوردستان دەگرێتەوە. هەموو گەنجێکی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێت خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیی یا بەرزتر بێت، دەبێت بەو ژیانە نائارامەدا بڕوات، هەر دەڵێی سەربازە و ڕەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکرێت.

نیگەرانی، دڵەڕاوکێ و ترسی گەنجان لەو ماوەیەدا، کاریگەریەکی قووڵ دەکاتە سەر دەروونیان و ئەنجامەکانی لە ژیانی گەورەساڵیدا دەردەکەوێت. کاتێک هەموو لاوێک و گەنجێکی کۆمەڵگای کوردستان بۆ بەرەی جەنگی ئەزموونی بەکالۆری دەنێردرێت، ئەوکاتە زانست و بەهابنەماییەکان هەموو مانا بەرزەکانی خۆیان لە دەست دەدەن.

بەرامبەر سیستەمی جەنگی ئەزموونی بەکالۆری، سیستەمی خوێندنی ئاشتیخواز و دیموکراتی هەیە، کە بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکوو سویددا پەیڕەو دەکرێت.

لەم سیستەمەدا، بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی خوێندنی پلەی ئامادەیی ڕاست و ڕەوا بێت، ئەوە سەرجەمی هەموو خوێندن و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی هەر سێ ساڵەکەی ئامادەیی دەبێتە بنەمای نمرە دانان. واتە هەموو تاقیکردنەوە و ئەزموون و کاری خوێندکار لە پۆلی چوار و پێنج و شەشی ئامادەییدا دەبێتە ڕێژەی کۆتایی، بەو ڕێژەیەش داوای خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان دەکات.

لە قۆناغی ئامادەیدا لە سوید، هەموو قوتابیەک دەبێت 2500 خاڵ بخوێنێت. ئەو خاڵانە دابەش دەکرێن بە سەر هەر سێ ساڵەکەدا. وانەی وا هەیە 50 خاڵە، وانەی تر هەیە 100 خاڵ یا زیاترە. لەو سێ ساڵەدا قوتابی نزیکەی 25 وانە دەخوێنێت. ئەنجامی کۆتایی هەر 25 وانەکە دەبێتە ئەنجامی ڕێژەی کۆتایی. واتە ئەنجامی هەموو وانەکانی پۆلی چوار و پێنج و شەش، بەیەکەوە، ئەنجامی کۆتایی پێکدێنن. بەو شێوەیە هەوڵ و تێکۆشانی سێ ساڵ دەبێتە بنەمایەکی فراوان و قوتابی دەتوانێت ئارام و دوور لە نیگەرانی لە سەر خوێندنی خۆی بەردەوام بێت.

ئەم سیستەمە زۆر ڕاست و ڕەواترە لە سیستەمی جەنگی ئەزموونی بەکالۆری کە لە چەند ڕۆژێکدا هەموو شت کۆتایی دێت. سەدان قوتابی و خوێندکاری توانا و بەهرەدار هەر بە هۆی شڵەژان و نائارامی و ترسی تاقیکردنەوە ئەنجامی خراپ دێنن.

پێشنیاری «کۆمەك» ئەوەیە کە:

- لە پلەی سەرەتاییدا تاقیکردنەوە، نمرە دانان و دیاردەی دزێوی دەرنەچوون، لا ببرێت. منداڵ دەخوێنێت و بەرپرسیارێتی سیستەمی فێرکاری، لەم پلەیەدا، ئەوەیە کە منداڵ بۆ پلەی داهاتوو ئامادە بکات . نەك لێی ببێت بە دادگا و گەر منداڵ سەرکەوتوو نەبوو، لەبری یارمەتیی زیاتر، سزای دەرنەچوونی بۆ دەربکات.
- تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە پۆلی شەشی سەرەتایی، لە پۆلی سێی ناوەندی و لە پۆلی شەشی ئامادەیدا نەمێنێت.
- لە پلەی ناوەندیدا کۆی سەرلەبەری نمرەکانی کۆتایی پۆلی سێ جێی بەکالۆری پۆلی سێ بگرنەوە و ببنە بنەمای وەرگرتن لە خوێندنی ئامادەییدا.
- لە پلەی ئامادەییدا کۆی سەرلەبەری نمرەکانی کۆتایی پۆلەکانی چوار و پێنج و شەش جێی بەکالۆری پۆلی شەش بگرنەوە و ببنە بنەمای وەرگرتن لە خوێندنی پەیمانگا و زانکۆدا.

ئەم خاڵانەی لێرەدا کراونەتە داوای «کۆمەك» خەتوخاڵی سەرەکیین لە سیستەمی هاوچەرخی دیموکراتییانەی فێرکاریی وڵاتانی سکاندیناڤیادا. بەرهەمەکەشی زۆر گەشە، بۆ نموونە ڕێژەی دەرچوون لە پلەی ئامادەیی سوید دەگاتە سەروو 90٪. پێچەوانەی ئەم سیستەمەش ڕێك ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا پەیڕەوی دەکرێت، ئەنجامەکەشی ئەمەیە: ڕێژەی دەرچووانی پلەی ئامادەیی بەشی زانستی ساڵی خوێندنی 2004 / 2005 لە سلێمانی 11% و لە هەولێر 12% و لە دهۆک 9% بوو. ئەمە تاوانە دژ بە منداڵ و جەوانی کوردستان. کاتی هاتووە کار بۆ سیستەمێك بکرێت ڕێز لە خوێندکار، دایکوباوکی خوێندکار و مامۆستا بگرێت.

2005-08-01

هۆمەر قەرەداغی / «کۆمەك»

**www.komak.nu**